# فیدرالیزم

ن. دانیێل گیرین
و. لە عەرەبییەوە: سەلام عارف

بەکورتی دەبێت بنەمای کۆمەڵگەی داهاتوو، تێکەڵەیەك بێت لە فیدریالیيە هاوبەشییە کرێکارییەکان و بەڕێوەبردنی فیدراڵییەکانی (کۆمیونەکان- شارەوانیەکان)، پێویستە ئەو تێگەیشتنە بەردەوام گەشەبکات، تا دەگاتە ئەو پلەیە، کە واتایەکی فراواتر ببەخشێت و سەرتاسەری دونیا بگرێتەوە.

چەندە هزری (پرۆدۆن) زیاتر پێبگەیشتایە، بیرۆکەی فیدراڵیی زیاتر بەرجەستەتر دەبوو، ئەو لە پەرتووکەکەیدا (بیروباوەری فیدراڵیی) دەریدەخات، کە خۆی بە فیدراڵیخوازتر دەزانێت، لەوەی کە ئازادیخوازبێت. هەرچەندە شارۆچکە دێرینەکان ناوبەناو لەنێوان خۆیاندا لە پەیوەندییەکی فیدراڵییدا یەکیانگرتووە، بەڵام ئەو چەرخە بەسەرچوو، گیروگرفتی ئەم سەردەمە بەڕێوەبردنی وڵاتە زەبەلاحەکانە. (پرۆدۆن) دەربارەی ئەوە تێبینی داوە "گەر ڕووبەری وڵاتێك لە ڕووبەری شارێك زیاتر نەبوو، ئەوا لەو بارەدا بە ئازادی جاری ئەو پرسە لە دەستی خۆتاندایە، بەڵام دەبێت ئەوە لەیادنەکەین، کە ئەو پرسە پابەندی ئەوەیە، کە ئێستا ملیۆنەها دێهاتوو شارۆچکە وشار هەن، پێویستناکات کۆمەڵگە بەسەر چەند دونیایەکی گچکە گچکەدا دابەشبکەین،چونکە یەکێتی پێویستە.

(دەسەڵاتگەرا)کان خوازیاری ئەوەن، کە بە پێی یاسای (سەرەوەری) کۆمەکە ناوچەییەکان بەڕێوەبەرن. (پرۆدۆن) دژی ئەوەیە و ناڕازییە، چونکە بە بیروبۆچوونی ئەو بە پێی خودی هەمان یاسای یەککگرتن، ئەو جۆرە بەڕێوەبردنە ئەستەمە " ناتوانرێت ئەو کۆمەکانە (...) کەرت کەرت بکرێن، چۆن ناشێت کەسێکی نیوەشار هاونیشتمانیی سەربەخۆیی خۆی لەدەستبدات، ئاوەهاش، هیچ کام لەو کۆمەکانە نایانەوێت ڕێز و گەورەییان لێزەوتبکرێت، زەوتکردن دەبێتە مایەی دروستبوونی دژایەتییەکی بێچارەی نێوان گەورەیی گشتییەکان و گەورەیی تایبەتییەکان، بەواتەیەکی دی دەبێتە مایەی بەگژاچون و ناتەبایی نێوان دوو دەسەڵات، لەو بارەشدا ڕەوەکە دەبێتە ڕەوی دژ بە پێشکەوتنی یەکێتی، لە کەتواردا ئەو خواستەی (دەسەڵاتخواز)ان دەبێتە خولستی ڕێکخستنی دابەشبوون، نەك ڕێکخستنی یەکێتی.

سیستمی ( یەکێتی قوتدان) بەپێویست شارەکان و کۆمەڵە سروشتییەکان لە مەزگەنەی ڕێکخستنی پلەبەرزی دەستکرد دەدات، بۆ نموونە (دەوڵەت)، ئەوەش بەمەبەستی بەنێوەندیکردنیان لە کۆمونیزمی میرایەتی (حکومەتی)دا، ئەوەش ستەمکارییەکی ڕاستەقینەیە و دژی ویستە سروشتییەکەی ئەو کۆمەڵانەیە و دەچێتە خانەی سیستمی ئیمپریالیزمی کۆمونیستەوە.

بەپێچەوانەی ئەو سیستەمەوە، یەکێتی و نێوەندە ڕاستەقینەکان، لە گرێبەستێکی ئازادی هەرەوەزی فیدراڵیی ناوچەکان و هەرێمەکانەوە سەرچاوەدەگرن، هەڵوەشاندنەوە ئەو چەشنە یەکێتی ر نێوەندییە ئازادە، کارێکی ئەستەمە "تاکە ئازادەکانی کۆمەڵگە وەستای نێوەندیین (...) واتە ئەو نێوەندییە ڕێکەرتنێك و یەکێتییەکی کۆمەڵایەتییە (...) بۆئەوەی یەکێتی نیشتمانی لە گومان بەدووربێت، دەبێت ئەو یەکێتییە لە توانا و فەرمانەکاندا نێوەندی بێت، بەو مەرجە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت، لە بازنەوە ڕوو و چەق بێت و خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات، لەو بارەدا چەندە نێوەندەکان زۆرتر بن، نێوەندێتی بەهێزتر و توندووتۆڵتر دەبێت ".

سیستمە فیدراڵییەکان تەواو بە پێچەوانەی سیستمە میرایەتییەکانەوەیە و دژیانە، هەرچەندە بیروباوەڕی ئازادیخوازیی و بیروباوەڕی دەسەڵاتخوازیی لە ململانێیەکی بەردەوامدان، بەڵام لەوە زیاتر هیچ چارەیەکی دیکە نییە، کە دەبێت ئازادی و دەسەڵات ئاشتبنەوە و تەبابن، هەرچی گیروگرفتێکیش لەو تەبایبوون و ئاشتبونەوەیە بکەوێتەوە، فیدراڵی دەبێتە بەربەستی ئەو گیروگرفتانە و بواریاننادات و چارەیاندەکات، شۆڕشی فەرەنسی چەند سەرەتای ڕژێمێکی نوێی هێنایەگۆڕێ، میراتگری ئەوشۆڕشە، واتە چینی کرێکار، ئاگاداری سەرەتاکانی ڕژێمە نوێیەکەیە، ئەویش (یەکگرتن)ی هەموو گەلانە، واتە دروستبوونی (کۆنفیدڕاڵی کۆنفدراڵییەکان) ئەو چەمك و واژەیە لە خۆڕا و بە ڕێکەوت بەکارنەهێنراوە، میراتگری ئەوشۆڕشە لێیان بە ئاگایە.

(پرۆدۆن) پێشبینی ئەوەیکردووە، کە "سەدەی بیست دەبێتە چەرخی دروستبوونی فیدراڵییەکان".

پاشان (باکۆنین) لەو بوارەدا تێڕوانینی (پرۆدۆن) بەرزدەنرخێنێت و هەرڵی پێشخستن و قووڵکردنەوەی دەگرێتە ئەستۆی خۆی و دژی (یەکێتی دەسەڵاتخواز) دەوەستێتەوە و لایەنی (یەکێتی فیدراڵی) دەگرێتەوە، دەربارەی ئەوە وتوویەتی " کاتێک دەوڵەت لەنێودەبرێت و ستەمکاری بەسەر تاکەکانەوە لەنێودەچێت، ئەو کاتە هاوبەشییەکان و شارەوانییەکانی ناوچەکان و هەرێمەکان گورجوگۆڵتر و کوتوارییتر و بەهێزتر دەبن، (دەسەڵاتخوازان) هەمیشە یەکێتی ڕوخساری دۆگماتیستی میرایەتی و یەکێتی زیندووی کەتواریی تێهەڵوپێکەڵدەکەن، یەکێتی زیندوو و کەتواریی زادەی وردەکارییەکانی تاکەکان و پەیمانێکی ئازادانەی (...) هاوبەشییە کرێکارییەکانی شارەوانییەکانی هەرێمەکان و وڵاتەکانە.

(باکۆنین) جەختی لەسەرئەوە کردووەتەوە، کە دەبێت لە نێوان شارەوانییەکانی ناوچەکان و هەرێمە سەربەخۆکاندا بازنەیەکی پەیوەندیی هەبێت، چونکە هاریکاری لە ئازادی جیاناکرێتەوە، با شارەوانییەکانیش سەربەخۆبن، ئێمە ناتوانین ئەوە بهێنینە پێشچاومان، کە فیدرالی دەبێتە مایەی دروستبوونی گۆشەگیری و خۆپەرستی، چونکە ئەو شارەوانییانە هەست (...) بە گرنگی هاریکاری نێوان خۆیان دەکەن و توندوتۆڵ یەکدەگرن، بەبێ ئەوەی ئەو یەکگرتنە کاربکاتە سەر ئازادی هیچکامێکیان.

لە دونیای نوێدا لە هەمان وڵاتدا و لەنێوان هەموو پارچەکانیدا، هەروەها لەنێوان وڵاتە جۆراوجۆرەکانیشدا، چەندەها پەرژەوەندی مادی و هزریی و وردەیی هەن، کە دروستبوونی یەکێتی بەچەشنێک کەتواریی بێت، گەر دەوڵەتیش لەنێوبرێت ئەو هەر بتوانێت بژی.

فیدرالی چەکێکی دوولایەنەیە، باشتر بڵێین دوو جۆرە جگە لەوەی کە باسمانکرد، جۆرێکی دی هەیە، کە بە فیدراڵی (الجیرندیة girondin) ناسراوە *** ئەم جۆرەیان سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی دژی شۆڕشخوازیی بووە، تەوژمی پاشایی (شارل مۆراس) **** بووە، داوای پراکتیزەکردنی (ناوچەگەریی le régionalisme)ی کردووە، ئەو جۆرە فیدراڵییە لە هەندێک وڵاتدا پیادەدەکرێت، بۆ نموونە لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سروشتیکی دەستووریی پێدەبەخشرێت، بەبێئەوەی ئەو بەخشینە، هەموو مافە شارستانییەکانی *******، تاکەکانی لەبەرچاوبگرێت، بۆ نموونە مافەکانی (پێستڕەشەکان)

(باکۆنین) لەو بڕوایەدا بووە، کە تەنها سۆسیالیزم دەتوانێت خۆراکبەخشی نێوەرۆکە شۆڕشگێڕیەکەی فیدرالیزم بێت، هەر لەو بڕوایەشەوە بووە، کە لایەنگرەکانی ئەو لە ئیسپانیا پارتی فیدراڵیی بۆرجوازیان ڕەتکردەوە، ئەو پارتە (پی ی مارگل Pi y Margall) پێشڕەویی دەکرد، ئەو زەلامە خۆی بە (پرۆدۆن)ی زانیوە، لایەنگرەکانی (باکۆنین) تەنها هەر ئەو حزبەیان ڕیتنەکردەوە، بەڵکو ساڵی 1873 ***** سەردەمی کۆمارییە تەمەن کورتە لە باربراوەکە، باڵی چەپی (کانتونیان)یشیان ****** ڕەتکردەوە

**********************************

پەراوێز

* پەرتووکی – من العقيدة الى الممارسة، دانیل گیرین

** بابەتی (12) لە (گەڕان بەدوای کۆمەڵگەی داهاتوودا)ی پەرتووکی ناوبراو، بە بیروبۆچوونی من کارێکی خراپناکەین، گەر ئەو جۆرە فیدراڵییەی (پرۆدن) و (باکۆنین) بەراوردبکەین بە دەستخستنە نێودەست و ماچوموچە ڕامیارییەکانی ئەم سەردەمە بۆ نموونە لە (عێراق)-وەك

*** les girondins کۆمەڵەیەکی ڕامیاریی بووە، سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی دژی باڵادەستی پاریس بووە. و.ع

**** نووسەرێکی فەرەنسی 1868-1952 نەتەوەخوازی توندڕەو بووە، بیروڕاکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر باڵی کۆنەپارێزی بۆرجوازی فەرەنسی داناوە. و.ع

***** مافی تاك لەوە زیاتر، کە وێردی سەرزمانی سیاسەتبازە دەمفەلەبالغەکانە و هیچیتر نییە، بۆچی؟ چونکە مافی تاك لەوێدا بەربەستەکرێت، کە مافی ڕەهای دەوڵەت دەسپێدەکات، مافی ڕەهای دەوڵەتیش هەموو کونوقوژبنەکانی نێو کۆمەڵگەی تەنیوە . و.ک

****** لە (کانتون)ەوە هاتووە، جۆرێکە لە دابەشکردنی بەڕێوەبردن، لەو چەشنەی ئێستای سویسرا. و.ع